# ئەنقەرە و بەغدا پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی هەمیشەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وبوارەکانی دیکە رادەگەیەنن

عێراق و تورکیا لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا جەخت لەوە دەکەنەوە، لە کۆبوونەوەکاندا راوێژ لەبارەی هەڵوێستی هاوبەشی هەردوو وڵات بۆ پێشهاتە هەرێمییەکان کراوە.

لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا، هەریەک لە وەزارەتەکانی دەرەوەی عێراق و تورکیا جەخت لە دروستکردنی لیژنەیەکی هەمیشەیی هاوبەش دەکەنەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرپەرچدانەوەی "تیرۆریزم" دەبێت.

لە راگەیەندراوەکەدا کە ئەمشەوی پێنجشەممە بڵاوکرایەوە، هاتووە، لیژنەکە هەروەها کار دەکات لە بوارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، کشتوکاڵ، وزە، ئاو، تەندروستی و گواستنەوە لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

لە راگەیەندراوەکە "باس لە ئامادەکارییەکانی سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە دوای مانگی رەمەزان بۆ عێراق کراوە تاوەکو سەردانەکە سەرکەوتوو بێت".

جەخت لەوەکراوەتەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا و بوونی لەناو خاکی عێراقدا پێشێلکردنی دەستووری وڵاتە.

بەیاننامەی هاوبەشی تورکیا-عێراق لەدوای کۆبوونەوەکانی بەغدا ئاماژەی بەوە کردووە "تورکیا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو بڕیارە دەکات کە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەریکرد لەبارەی ئەوەی پەکەکە رێکخراوێکی قەدەغەکراوە لە عێراقدا".

لە کۆبوونەوەکاندا جەخت لە یەکگرتوویی سیاسیی، سەروەریی و یەکێتیی خاکی عێراق کراوەتەوە، جەخت لەوە کرایەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا.

بەگوێرەی راگەیەندراوە هاوبەشەکە، بوونی پەکەکە لە خاکی عێراق پێشێلکردنی دەستووری عێراقە.

لە کۆبوونەوەکاندا راوێژ لەبارەی ئەو رێکارانە کراوە کە پێویستە دژی پەکەکە و درێژکراوەکانی بگیرێتەبەر کە خاکی عێراق بۆ بەئامانجگرتنی تورکیا بەکاردەهێنن و هەردوولا لەبارەی بەردەوامیی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکان رێککەوتن، وەک لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە.

رۆژی پێنجشەممە، 14ـی ئازاری 2024، شاندی باڵای تورکیا بۆ بەشداریی لە لوتکەی ئەمنیی هەردوو وڵات گەیشتنە بەغداد، شاندەکەی تورکیا پێکهاتوون لە هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، یاشار گولەر، وەزیری بەرگریی تورکیا و ئیبراهیم کاڵن، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا (میت).

شاندی عێراقیش پێکهاتوون لە فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوە، سابت محەممەد سەعید، وەزیری بەرگریی، قاسم ئەعرەجی، راوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی و فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، هاوکات رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا کرد .

چەند رۆژێک پێش ئێستاش لە سنووری هەرێمی کوردستان، فەرماندەی دووی سوپای تورکیا و هێزەکانی پاسەوانی سنوور و هێزەکانی پێشمەرگە کۆبوونەوە، لەو بارەیەوە وەزارەتی بەرگریی تورکیا دەڵێت، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە زیاترکردنی هەماهەنگییەکان بۆ زیاترکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان و سنوورەکان کراوە و کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی عێراق لەسەر سنوور بەردەوام دەبن.